زانكۆى سەڵاحەددين – هەولێر
**Salahaddin University – Erbil**

# ڕۆڵی ئافرەت لە هونەری سیرامیکی کوردیدا

**توێژینەوەکە**

**پێشکەشی ئەنجومەنی کۆلێژی هونەرەجوانەکان کراوە لە زانکۆی سەڵاحەددین – هەولێر**

**وەک بەشێک لە پێداویستیەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە شێوەکاری – سیرامیک**

**ئامادەکراوە**
**لەلایەن قوتابی**

**خەرمان سامی رحمن**

**بەسەرپەرشتی مامۆستا**

**م.ی : دانا صلاح الدين**

**هەولێر- کوردستان**

**٢٠٢٢-٢٠٢٣**

**"هونەر نابێ وەک ئاوێنەیەک وابێت بۆئەوەی**
**کەتوارو خۆمانی تێدا ببینینەوە ،بەڵکو دەبێت**
**وەکو چەکوشێک وابێت و شێوەی ئەو کەتوارەی پێ بگۆڕین "**

**_بێرتۆڵت برێشت _**

# پێشکەشکردن

*گشت مامۆستایانی کۆلێژی هونەرە جوانەکان و سەرۆکایەتی بەشی شێوەکاری.

*ئارەزوومەندانی بواری هونەر.

*تەواوی ئەوکەسانەی کات تەرخان دەکەن بۆ خوێندنەوەی ئەم توێژینەوەیە.

# سوپاس و پێزانین

بە پێویستی دەزانم سوپاسی تەواوی ئەوکەسانە بکەم کە یارمەتیدەرم بوون لە بەئەنجامگەیاندنی توێژینەوەکەم





*خانەوادەکەم کە ژینگەیەکی وایان بۆ ڕەخساندووم بەشێوەیەکی سەرکەوتوانە کار بۆ توێژینەوەکەم بکەم.


* سەرۆکایەتی بەشی شێوەکاری و گشت مامۆستایان، بەتایبەت مامۆستای سەرپەرشتیارم و مامۆستای بەڕێز(م. ڤینۆس ئیسماعیل).

# پوختەی توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیە بە شێوەیەکی گشتی لە چوار بەش پێکهاتووە، کە هەر بەشێک کۆمەڵێک زانیاری تایبەت بە ناونیشانی توێژینەوەکە لەخۆگۆتووە، بەشی یەکەمی توێژینەوەکە دابەش بووە بەسەر پێنج تەوەر. تەوەری یەکەم کێشەی توێژینەوەیە کە باس لە پرسی ئافرەت بەگشتی دەکات و هەروەها لەوێوە چەند پرسیارێک خراوەتە ڕوو تاکو لە ڕێگەی ئەم توێژینەوە وەڵام بدرێنەوە. تەوەری دووەم گرینگی توێژینەوەیە کە ئایا ئەم بابەتە چ گرنگیەکی هەیە بۆ قوتابیان و توێژەران، تەوەری سێیەم ئامانجی توێژینەوەیە کە ئەویش ناساندنی ڕۆڵی ئافرەتە لە هونەری سیرامیکی کوردیدا. تەوەری چوارەم سنوری توێژینەوەیە و تەوەری پێنجەم پێناسەکردنی گرنگترین ئەو زاراوانەیە کە لە ناونیشاندا هاتووە. بەشی دووەمی توێژینەوەکە لە سێ تەوەر پێکهاتووە. کە تەوەری یەکەم باسکردنی ڕۆڵی ئافرەتە لە شارستانی میزۆپۆتامیا و هونەری سیرامیکی سۆمەری. کە ئایا ئافرەت لە شارستانی کۆن لە ڕووی کۆمەڵایەتی و لە کارە هونەریەکان چ ڕۆڵێکی هەبووە. تەوەری دووەم پێشاندانی ڕۆڵی ئافرەت لە کارە سیرامیکییەکانی جیهان، واتە ئافرەت چ ڕۆڵێکی هەیە لە کارە هونەریە جیهانیەکان، تەوەری سێیەم پێشاندانی ڕۆڵی ئافرەت لە کاری هونەری سیرامیکی هونەرمەندانی کورد، کە لەوێوە چەند نمونەیەک لە کاری هونەرمەندانی کورد داندراون و شیکردنەیان بۆکراوە.هەروەها بەشی سێیەمی توێژینەوەکە پرۆژەی توێژەر خراوەتە ڕووی لەڕووی ناوەڕۆک و بیرۆکە و هەنگاوەکانی ئەنجامدانی کارە هونەریەکە. لە بەشی چوارەم و کۆتایی گەیشتنە بە کۆمەڵێک ئەنجام و ڕاسپاردە و پێشنیار لە ڕێگەی بەجێگەیاندنی ئەم توێژینەوەیە.

# لیستی وێنە ڕوونکراوەکان

| ژ | ل | ناوی هونەرمەند | ناو و خاوەنداریەتی کارەکە | ساڵی بەدیهێنانی | پێوانە و مەتریال | سەرچاوە | وێنە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ١٢ | / | دایکە خوداوەند | / | قوڕی سورکراوە | https://news.artnet.com/art-world/forty-iraqi-artifacts-iraqi-pavilion-venice-٨٦٧٣٠٨ |  |
| ٢ | ١٢ | / | / | / | بەرزی ١٧,٨سم<br>قوڕی سورکراوە .قالب | https://store.barakatgallery.com/product/old-babylonian-clay-moulded-plaque-of-a-standing-deity/ |  |
| ٣ | ١٢ | / | / | / | ١١.٣ x٣ x٢،٣cm<br>قوڕی سورکراوە | https://isaw.nyu.edu/exhibitions/ishtargate/objects/female-figurine |  |
| ٤ | ١٢ | / | / | / | قوڕی سورکراوە | https://www.brooklynmuseum.org/exhibitions/fertile_goddess |  |
| ٥ | ١٢ | / | / | / | قوڕی سورکراوە | / |  |
| ٦ | ١٣ | Nan Smith | Balance | ٢٠٠٩ | ٧٩x٩٦x٩٦.ئینچ<br>مەتریالی جیاواز | https://cfileonline.org/art-nan-smith-balance-٢٠٠٩/ |  |
| ٧ | ١٤ | Ferri Farahamandi | Emrace | ٢٠١١ | بەرزی ١٥٣سم، پانی ٤٤سم، قووڵی ٤٢سم<br>Stoneware | https://www.thesculpturepark.com/embrace-by-ferri-farahmandi.html |  |
| ٨ | ١٥ | Juliette CLOVIS | Cyanolica nana | ٢٠١٦ | ٢٤x٣٨x٣٣cm<br>White glaze<br>پۆرسەلین _ | https://cfileonline.org/art-chimerical-sculptures-of-female-identity-by-juliette-clovis/٥-clovis-contemporary-ceramic-art-cfile/ |  |
| ٩ | ١٦ | Sharon Griffin | Bound | ٢٠٢١ | ٧٠x ٤٥ x ٥٥cm<br>سیرامیک و قوماش | https://www.artsy.net/artwork/sharon-griffin-bound |  |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٠ | ١٧ | نزار محمود | ئافرەت و کتێبی پیرۆز | ١٩٩٨ | ٣٠سم<br>قوڕی کائۆلین،شوشەی قورقوشم، لیثارج | / |  |
| ١١ | ١٨ | مستەفا دزەیی | دایکایەتی | ٢٠١٢ | ١١٠سم<br>قوڕی کائۆلین، قوڕی سوور | / |  |
| ١٢ | ١٩ | سۆز محمد ساڵح | نوێبوونەوە | ٢٠١٦ | ٢٢سم×١٢سم<br>قوڕی عکاشات، کرۆک | / |  |
| ١٣ | ٢٠ | ورود عصام | کچەکانی داعش | ٢٠١٦ | ٣٠سم ×٣٨سم ×٤٠سم<br>قوڕی سورو شوشەی گیراوە | / |  |

## ناوەڕۆک


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| ووتە | II |
| پێشکەشکردن | III |
| سوپاس و پێزانین | IV |
| پوختەی توێژینەوە | ١ |
| لیستی وێنە ڕوونکراوەکانی ناوەڕۆک | ٣-٢ |
| ناوەڕۆک | ٤ |
| **بەشی یەکەم: چوارچێوەی گشتی توێژینەوە** | |
| کێشەی توێژینەوە | ٥ |
| گرینگی توێژینەوە | ٦ |
| ئامانجی توێژینەوە | ٦ |
| سنوری توێژینەوە | ٦ |
| پێناسەی زاراوەکان | ٨-٦ |
| **بەشی دووەم: چوارچێوەی تیۆری توێژینەوە** | |
| توێژگەی یەکەم:ڕۆڵی ئافرەت لە شارستانیەتی میزۆپۆتامیا وهونەری سیرامیکی سۆمەری | ١٢-٩ |
| توێژگەی دووەم: ڕۆڵی ئافرەت لە گرنگترین کاری هونەری سیرامیکی جیهان | ١٦-١٣ |
| توێژگەی سێیەم: ڕۆڵی ئافرەت لە گرنکترین کاری هونەری سیرامیکی کوردی | ٢٠-١٧ |
| ئاماژەکانی چوارچێوەی تیۆری | ٢١ |
| **بەشی سێیەم : هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی پرۆژەی دەرچوون** | |
| بیرۆکەی پرۆژە | ٢٢ |
| سکێچی سەرەتا | ٢٢ |
| هێڵکاری | ٢٣ |
| ڕەنگ | ٢٣ |
| هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی پرۆژە بەشێوەی پراکتیکی | ٢٦-٢٤ |
| خستنەڕووی ئەنجامی کۆتایی پرۆژە | ٢٧-٢٦ |
| **بەشی چوارەم: ئەنجام و دەرئەنجام** | |
| ئەنجام | ٢٨ |
| ڕاسپاردە | ٢٩ |
| پێشنیار | ٢٩ |
| سەرچاوەکان | ٣١-٣٠ |

# بەشی یەکەم
# چوارچێوەی گشتی توێژینەوە

## کێشەی توێژینەوە:

پرسی ئافرەت پرسێکی قووڵ و وردە و لەهەمان کاتدا پرسێکی هەستیارە، لەگەڵ ئەوەشدا بەردەوام بابەتێکی کراوە بووە لەدەست و دەمی هەموو چین و تووێژەکان بە ڕۆشنبیر و هونەرمەندەکانیشەوە. هەرکەس بیەوێ بەگوێرەی بۆچوون و ئایدیایی خۆی لە ڕوانگەی فراوان و ڕوانگەی بەرتەسکەوە، لەڕوانگەی گشتی و تایبەتەوە کاری لەسەر کردووە، توندوتیژی دژی ئافرەتان بووەتە هۆی خولْقاندنی دەیان و سەدان نووسین و چالاکی و بەرهەمی هونەری.
بێگومان هەموو هونەرەکان کەم تا زۆر بەشدار بوونە لە پیشاندانی هەموو ئەو مەینەتی و ئازار و خەم و نادادیانەی بەرامبەر ئافرەت دەکرێ. بێ ئەوەی ئەو توندووتیژیە سنوور و شوێن و کولتوور و ناوچە بزانێ ڕۆژ بەڕۆژ لە گەشەی زیاتردایە.

هەڵبەت هونەری شێوەکاری وەک کۆی هونەر و کایەکانیتر خۆی بێ بەش نەکردووە لەم بابەتە. لێرەو لەوێ دەبینین چەندان پێشانگەو چالاکی لەژێر دەیان ناو دەکرێنەوە کەپەیوەندیان بە ئافرەتەوە هەیە. بەڵام ئەگەر سەرنج بدەین لەهەر کایەک جا هونەر یاخود ئەدەب یان هەرشتیکریتربێت، لەبابەت و ڕۆژەڤی هەموو کولتوورەکان، فیگەری ئافرەت بەردەوام وەک فیگەرێکی لاواز و بێ دەسەڵات، لێقەوما و شووم، پێشاندراوە. ئەمەش لەپێناو درێژکردنەوەی پێنج هەزار ساڵ کۆیلایەتی ئافرەتە. هەربۆیە لێرەدا گرنگە لەڕێگەی کارێکی هونەری و توێژینەوەیەکی زانستی بەمێژووی ناسنامەی ئافرەتدا بچینەوە و کەسایەتی و بەهاو شوناسی ئافرەت بەخودی خۆی بناسێنینەوە. بۆیە توێژەر بەپێویستی دەزانێ لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو بابەتە بکات و لەڕێگەی کارێکی هونەری پیشانی بدات. ئەمەش وا لەتوێژەر دەکات چەند پرسیارێکی لەلا دروست بێت:-

١- ئایا ڕۆڵی ئافرەت هەر ئەو ڕۆڵە لاواز و شوومەیە کە لە نووسین و وتار و باس و کارە هونەریەکان پیشاندەدرێ؟
٢- ئایا ڕۆڵی ئافرەت لە هونەری سیرامیکی کوردیدا چیە و چۆن پێشاندراوە؟

## ٢- گرینگی توێژینەوە:

١- جەختکردنەوە لەسەر پرسی ئافرەت لەڕوویکی تر وەکو بابەتێکی نوێ لە هونەری شێوەکاری کوردی.

٢- ئەم توێژینەوە دووبارە پێداچوونەوەیە بە مێژوو و ناسنامەی ئافرەت و بەکارهێنانی لەکارێکی هونەری سیرامیکی.

٣- پێشاندانی ڕۆڵ و پێگەی ئافرەت لە هونەری سیرامیکی یەکەمین شارستانیەت و سرامیکی جیهانی و کوردی.

٤- کەمی بابەتێکی لەوشێوە لەلایەن توێژەران و هونەرمەندان بە زمانی کوردی.

## ٣- ئامانجی توێژینەوە:

ناساندنی ڕۆڵی ئافرەت لە هونەری سیرامیکی کوردیدا .

## ٤- سنووری توێژینەوە:

_ سنووری بابەتی :ڕۆڵی ئافرەت لە هونەری سیرامیکی کوردیدا.

_ سنووری شوێنی :هەرێمی کوردستانی عێراق

_سنووری کاتی : ١٩٩٨_ ٢٠١٦

## ٥- پێناسەی زاراوەکان :

_ **ڕۆڵ لەڕووی زمانیەوانیەوە:-** لە زمانی ئینگلیزی" role" و لەزمانی عەرەبی "دور"ی پێ دەڵێن. چەمکێکی ئینگلیزییە، پەیوەندیی راستەخۆی بە ژیانی رۆژانەی تاکەکانەوە هەیە، واتە شێوازێکی هەمەلایەنی ڕەفتار لەڕووی کۆمەڵایەتیەوە کە پێگەیەکی دیاریکراو داگیر دەکات.[١]

**_ڕۆڵ لەڕووی دەستەواژەوە :-** ڕۆڵ بە مانای ئەو ڕەفتار و هەڵسوکەوتە دێت کە کەسانی تر لە پێگەی کۆمەڵایەتی هەر تاکێک چاوەڕێی دەکەن، بۆیە هەر کارێک کە تاکێک لە ژینگەیەکی کۆمەڵایەتی بەپێی پلە و تواناى خۆی ئەنجامی دەدات ڕۆڵی ئەو کەسە دیاری دەکات.[٢]

کەواتە هەر جۆرە ڕۆڵێک چ فەرمی چ نافەرمی دەتوانێت پێگەیەکی کۆمەڵایەتی دروست بکات. دەبێ سەرنج بەوە بدەین کە هەر تاکێکی کۆمەلگە تەنها خاوەن یەک ڕۆل نییە. بۆ وێنە: ژن دەتوانێت لە یەک کاتدا هاوسەر، دایک، خۆشک، کچ یان فەرمانبەرێک بێت.[٣] .

---

١-شێروان عوسمان رەسول، ٢٠١١، رۆلی راگەیاندن لە بونیاتنای کۆمەڵگەی مەدەنی دا، نامەیەکە پێشکەش ئەنجومەنی کۆلیژی ئەدەبیاتی زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر کراوە، وەك بەشێك لە پێداویستیەکانی پلەی ماستەر لە کۆمەڵناسی.

[٢]-(ڕۆڵ و کەسێتی، کۆمەڵناسی ،ئینسکلۆپیدیایی ئازاد).

[٣]-پێگەو ڕۆلی ژنان لە کۆمەڵگای کوردەواریدا، ئاسۆ ساعێدی ،٢٠٢٠)

به واتەیەکیتر ڕۆڵ ڕەفتاری چاوەڕوانکراوی تاکە لە ناو گروپدا، کە ڕووی دینامیکیەتی پێگەی تاک دەنوێنی. لەکاتێکدا پێگە و پایە ئاماژەن بۆ شوێن و بایەخی تاک لە ناو کۆمەڵدا، ئەوا ڕۆڵ ئاماژە بۆ نموونەی ئەو ڕەفتارە دەکات کە پلە و پایەکە پێویستی دەکات. ڕەفتاری تاک لەبەر ڕۆشنایی پێشبینیەکانی خۆی و پێشبینیەکانی ئەوانی دیکە سنوردار دەبێت، ئەو کارەش کاریگەری دەبێت بەسەر تێگەیشتنی تاک و ئەوانی دیکە بۆ ئەو ماف و ئەرکانەی پەیوەستدارن بەپێگە کۆمەڵایەتیەکانەوە سنوری ڕۆڵیش ئەو کارانە دەگرێتەوە کە گروپ قبوڵی دەکات لەبەر ڕۆشنایی ئاستەکانی ڕەفتار لەو کولتورەی کە باوە.[٤]

**_ هونەر لەڕووی زمانیەوانیەوە:-** ووشەی هونەر بنەچەکەی لە ووشەی لاتینی "ars"هاتووە. کە بەواتەی کارێکی لێهاتوو و پیشەیی و کارامەیی دێت. کە لە ئینگلیزی "art" و لە عەرەبی "فن" پێدەگووترێت.[٥]
هەروەها هونەر بە واتەی ( ژەنین و ڕەنگ ) دێت لە زمانە ئەوڕووپیەکاندا کە بنەچەکەی لاتینن( Aris، Arts) بەکارهاتووە. کە هەندێک پێیان وایە بە هونەرە جوانەکان گووتراوە.[٦]

**_ هونەر لە ڕووی دەستەواژەوە :-** هونەر بە واتەیەکی سادە پەیوەست بەو هونەرانەیە کە بە هونەری پلاستیکی (Plastic )یان(visual) بینراو دەناسرێن[٧]
"هەموو جۆرە هونەرە بینراو و داهێنراوەکان دەگرێتەوە کە لە دەستکرد و چالاکی مرۆڤ جا نیگارکێشی بێت یاخود پەیکەرسازی یان تەلارسازی و هونەرە کارپێکراوەکان .... هتد "

هونەر ڕاڤەکردنێکە بۆ جوانی دەربارەی بیرە ڕووت و هەستیارەکان، هەروەها گواستنەوەی ماناو هەست و سۆزە بۆ ئەوانی دیکە بەهۆی ئەو کارەی کە بەشارەزایی و کارامەیی جیاواز دەکرێت .هونەر نواندنێک نیە بۆ واقیع، هەروەها لاسایی کردنەوەی سروشت نیە، بەڵکو خولقاندنە بۆ چەند پەیوەندییەکی نوێ لەنێوان چەند ڕەگەزێک کە لەژیان و کۆمەڵگەو سروشت وەرگیراون .هونەر دیاردەیەکی سروشتی کۆمەڵایەتیە، هەوڵدەدات لەڕێگای هێماکانەوە وەڵامی نهێنیەکانی ژیان بداتەوە، هەروەک ئاماژەیەک بۆ ئەو شارەزایی و چالاکیەی کە دەبەخشرێت بۆ بەرهەم هێنانی هەر شتێکی جوان.[٨]

ووشەی تێخنە (techne)کە لە گەڵ تەکنیک(technique)ی ئینگلیزی و فەرەنسی و هونەر(فن)ی عەرەبی هونەری فارسی هاومانایە، لەڕوانگەی ئەفلاتون و ئەرەستۆوە بریتییە لە دروستکردن و تەواو کردنی لاسایی کردنەوەی سروشت بە توانای خەیاڵ.[٩]

---

[٤]- (فەرهەنگی چەمک و زاراوەکانی زانستە کۆمەڵایەتیەکان،د. ئەحمەد زەکی بەدەوی، وەرگێرانی محەمەد فاتیح، ٢٠٢٠، ل ٦٧٤)
[٥]- https://www.open.edu/openlearn/history-the-arts/art-and-visual-culture-medieval-modern/content-section-١,١,١
[٦]-(فەرهەنگی زاراوە هونەرییەکان، جەمال عەبدول، ٢٠٠٩، ل ٣ )
[٧]-(مانای هونەر، هێربرت ڕێد، وەرگێرانی سەربەست خەسرەو عارف، ٢٠٠٧، ل ٧)
[٨]-(فەرهەنگی چەمک و زاراوەکانی زانستە کۆمەڵایەتیەکان،د. ئەحمەد زەکی بەدەوی، وەرگێرانی محەمەد فاتیح، ٢٠٢٠، ل ٥٧)
[٩]-(هونەر چیە؟ لیۆن تۆڵستۆی وەرگێرانی لە فارسیەوە بۆ کوردی هەژار ڕەحیمی، ٢٠٠٩، ل٥)

نیتشه پێی وایە: هونەر وەکوو بەرجەستەبوونی "ویستی هێز " ڕەتدانەوەی هیچگەرایەتییە. واتە هونەر تەنها فۆرم و شێواز نییە، بەڵکوو لە پاڵ فۆرمیشدا واتە بە ژیان دەدات.[10]

**_سیرامیک لەڕووی زمانەوانیەوە:-** سیرامیک بریتیە لەو ووشەی کە لە" κεραμικός، keramikos " ی یۆنانیەوە هاتووە بەواتەی گڵکاری دێت .لەبەرامبەر ووشەی " keramos" کە بە واتەی "pottery clay " دێت . پێشتریش لەسەر زۆرێک لەدیوارە میسرییە کۆنەکان ناوی سیرامیک هاتووە ، کاتێک کرێکارێک کاری لە دیوارێکی سیرامیک کردووە ، لێیان نووسیوە کرێکاری سیرامیک یاخود کرێکاری هونەری گڵکاری. [11]

**_سیرامیک لەڕووی دەستەواژەوە:-** لە مێژووی هونەردا، دەستەواژەی سیرامیک و هونەری سیرامیک بە واتەی کەلوپەلی هونەری وەک فیگەر و کاشی و کەلوپەلی سەر مێز دێت کە لە گڵ و کەرەستە خاوەکانی تر بە پرۆسەی سوورکردنەوە دروست دەکرێن. هەندێک بەرهەمی سیرامیک وەک هونەری جوانکاری سەیر دەکرێن، هەندێکی تریش وەک کەلوپەلی دیکۆرات، پیشەسازی یان هونەری کارپێکراو، یان وەک شوێنەوار لە شوێنەوارناسیدا سەیر دەکرێن. لەوانەیە لەلایەن یەک کەسەوە دروست بکرێن یان لە کارگەیەکدا کە کۆمەڵێک کەس کاری دیزاین و دروستکردن و ڕازاندنەوەی کەلوپەلەکان ئەنجام دەدەن دروست بکرێن.
زۆربەی بەرهەمە سیرامیکییە تەقلیدییەکان لە گڵ دروست کراون و شێوەیان پێدراوەو خراونەتە ژێر گەرمی . بەگشتی تا ئێستاش کەلوپەلی سەر مێز و سیرامیکی دیکۆرات بەم شێوەیە دروست دەکرێن، سیرامیک بریتییە لە هونەر و زانستی دروستکردنی هەر شێوەیەک لە قوڕە جۆراوجۆرەکان وەک قوڕی ( earthenware, porcelain… ) بە بەکارهێنانی گەرمی. مێژوویەکی دوور و درێژی هونەری سیرامیک لە نزیکەی هەموو کولتوورە گەشەسەندووەکاندا هەیە و زۆرجار شتە سیرامیکییەکان هەموو ئەو بەڵگە هونەرییانەن کە لە کولتوورە لەناوچووەکانەوە بەجێماوە. ئەو کولتوورانەی کە بە تایبەت لە سیرامیک بەناوبانگن بریتین لە کولتوورەکانی چینی، کریت، یۆنانی، فارسی، ماد، ژاپۆنی و کۆری، هەروەها کولتوورە مۆدێرنەکانی ڕۆژئاوا. سەرچاوە.[12]

---

[10]-(هونەر وەک ڕاستیی بوون لای هایدگەر، ئازاد شکور، وتار،٢٠٢٢ ،ژنەفتن)
[11] -https://www.definitions.net/definition/Ceramic+art
[12]- https://en.wikipedia.org/wiki/Ceramic

# بەشی دووەم
# چوارچێوەی تیۆری توێژینەوە

**_ توێژگەی یەکەم:**
**_ ڕۆڵی ئافرەت لە شارستانیەتی میزۆپۆتامیا و  هونەری سیرامیکی سۆمەری**

یەکەمین کۆمەڵگەی مرۆیی بە سەرکردایەتی پیاوی جەنگاوەری ڕاوکەر دانەمەزرێنرا، بەڵکو خۆبەخۆ بەدەوری دایکدا پێکهات، کە سۆز و میهرەبانی و پەروەردەکردنەکەی، منداڵەکانی لە یەکەم یەکەی مرۆیی هاوتەبادا بەدەوری خۆیدا کۆکردەوە، لە کۆمەڵگەی کۆندا پیاو سەرکردایەتیی دابووە دەست ژن، نەک لەبەر کارایی جەستەی بەڵکو بۆ ڕێزلێگرتنێکی ڕەسەن و قووڵی خەسڵەتە مرۆیی و هێزە ڕۆحانی و توانا داهێنەرەکان و ئیقاعی جەستە هاوئاهەنگەکەی لەگەڵ ئیقاعی سروشتدا. وێڕای دیاردە سەرسوڕهێنەرەکانی جەستەی، کە  مرۆڤی کۆن پێیوابوو بە قودرەتی خواهانەییەوە گرێدراوە، بە شەفافییەتی ڕۆحیشی بەتواناتر بوو لەوەی ببێتە دەمڕاستی نێوان جیهانی مرۆڤ و جیهانی خواوەندەکان ، لەبەرئەوە ژن یەکەمین کاهین و یەکەمین عەراف و جادووگەربوو.[١٣]
یەکەمین کۆمەڵگەی ئایینی کۆمەڵگەی هێزی خودای لەسەر شێوە و ماهیەتی مێینە بەرجەستەکرد. چونکە مێینە بەهۆی منداڵ بوونیەوە وەک چاوگەی ئەفراندەیی و فراوانی سەیر دەکرا، هەر ئەو -دایک-ەش بەخوداوەند ناسرا و لەسەر ئەو بناغەیە دەپەرسترا. ئەو دایکپەرستییە زۆر شێوە پەرستن و زۆر جۆر پیرۆز بوونی گرتووتەوە.[١٤]

ژن لەو سەردەمانەدا لەنزیک شوێنی نیشتەجێکەیدا سەرقاڵی گەشەدان بوو بەکشتوکاڵ، دەستیشی کردبوو بەو هونەرە ماڵداریانەی دواتر بوونە گرنگترین پیشەسازیی مرۆڤ. ژن بەنی دەرست و جلوبەرگی لۆکەی دەچنی"، هەرئەویش -بەلای زۆرترەوە- گەشەی بەهونەری رستن و چنین و دروستکردنی سەبەتەو کووپەڵەو کاری تەختەو بیناسازی داوە، بەڵکو لەزۆر حاڵەتدا ئەو کاری بازرگانی کردووە"، هەر ژنیش گەشەی بەخانوو داوە. ئەو کاروبارو  پێداویستییانەش "دواتر " بوون بەبناغەی " ژیارو بوون.[١٥]

لەمیانەی ئەو پەیکەرانەی ژنان کە لەو سەردەمە ماونەتەوە و لە هەموو شوێنێکی نیشتەجێی نیولیتیک دانراون، ئەم ڕاستییەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە ژن وەکو خوداوەندێکی دەسەڵاتدار و بەربڵاو بۆتە خاوەن گرنگی و ڕۆڵ. ژن، هاوشێوەی خاکە بە پیتەکان و دایکە خوداوەندی زاییینە(ولادە). ژن دەبێتە خاوەنی پیرۆزییەکی مەزن، بیر و باوەڕی خۆی زاڵدەکات، لێرەدا گرنگترین مەسەلە کە پێویستە لێی تێبگەین، ئەوەیە کە قۆناغێک بەر لە مێژوو هەبووە کە پیرۆزی و پێشەنگایەتی ژن لە ئارادابووە. تەواوی ئەو پەیکەرانەی لەسەردەمی نیولیتیکەوە ماونەتەوە لە شێوەی ژن دروستکراون.

---

[١٣] -(نهێنی عەشتار،خواوەندێیەتیی مێینەو ڕەچەڵەکی ئایین و ئەفسانە،فیراس حەواس . و:ئیبراهیم فەتاح ،٢٠١٠،ل٤٧-٤٩)
[١٤] -(کوردستان سەرزەمینی مێژوو و  ئەفسانە ، ل١١١)
[١٥] -(مێژووی شارستانیەت، ویڵ دیورانت ، و: ئازاد بەرزنجی، ٢٠٠٧،ل٨٦ – ٨٧)

ژیان لە دەوروبەری ژن. دایکدا ڕێکدەخرا. لەو سۆنگەیەوە پەرجووەکان دەکران بە موڵکی ژن، هەر لەو چوارچێوەیەشدا ژن بە مێخوداوەندێتی گەیشتبوو. مێخوداوەندی هەڵکشانێک نەبوو بەهێزی قەبە بەدەست هێنرابێت، شکۆداربوونێکی زهنی پەیوست بە فەراهەمکردنی ژیان و خاوەندارێتیکردنی بوو. کۆمەڵگەی نیولیتیک بەدەست، "دڵ و زهنی ژن . دایک " دادەهێنرا. سەرجەم دۆزینەوەکانی پەیوەست بە کشتوکاڵ و ئاژەڵداری مۆرکی ئەوی پێوە بوو.[١٦]

"ئەم شێواز و ڕوانین و بیرکردنەوەیە لە کۆمەڵگە کۆنەکاندا، کاریگەریەکی بەرچاوی لەسەر شێوە و ڕۆڵی ئافرەت لە هونەری شێوەکاری بەگشتی و هونەری سیرامیکی بەتایبەتی هەبووە ئەمەش لە ڕێگەی ئەو بەرهەمە هونەریانەی کە تاکو ئێستا پارێزراون و ماوەتەوە بۆمان دەردەکەوێ."

پەیکەری سیرامیکی سۆمەری گوتارێکی پەیوەندی بوو لە نێوان تاکەکاندا. کە کە هەر کارێک پەیامێکی هەیە لەلایەنەوەی دەگوازرێتەوە لەڕێگەیەوە جۆرێک لە هاوسۆزی و بەشداری هەستیاری لە نێوان تاکەکاندا بەدەست دێت. و دەتوانرێت بە ئاماژەدان بە سیستەمە فیکرییە باڵادەستەکان لە پێکهاتەی کولتوری سۆمەری تێبگەین.ململانێی نێوان شتێکە کە لە خودەوە سەرچاوە دەگرێت لە لایەک و بارودۆخە بابەتییەکانی دەوروبەری لە لایەکی دیکەوە. ئەم جۆرە پەیکەرە سیرامیکیانە تەنیا پیشاندانی هاوئاهەنگی و ڕێژەیی فەرمی توخمەکانی کارە هونەرییەکە نین. بەڵکو کۆمەڵێک بیرۆکەی هاوبەشە لە ژینگەی شارستانیدا، کە گرنگی و تایبەتمەندی فیکریی خۆی دەدۆزێتەوە.
لە ڕاستیدا نوێنەرایەتیکردنی ئەم پەیکەرە سیرامیکیە مێینانە لە توێژینەوە کۆمەڵایەتییەکانی هونەردا گرنگییەکی سەرەکی هەیە. وابەستەیی ئەوپەڕی بە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی سۆمەری. ناوەڕۆکە بەرفراوانەکەی تیشک دەخاتە سەر بوونی ڕۆحێکی بەکۆمەڵ، داب و نەریت و نۆرمەکانی باو و ڕەوتی فیکری. کاریگەری ئەم جۆرە فۆرمە مێینەیانەی مرۆڤ تەنها تایبەتمەندی خۆیان نییە بەڵکو هەڵوێستی کۆمەڵایەتییە بەرامبەریان. دۆزینەوەی زۆربەی نەخشەکان لە ماڵ و گەڕەکە نیشتەجێبوونەکاندا ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە ئەرکەکانی پەیوەستن بە لایەنەکانی ژیان و وشەسازییە گرنگەکەیەوە. دەوڵەمەندە بە ماناکان وەک دەربڕینی ترسی تەواوی گەلێک. (شێوەی ١)
وە قەبارەی ئەم پەیکەرانە و ئەو شوێنانەی کە تێیدا دۆزراونەتەوە و ئەو تایبەتمەندییە هونەریانەی کە زاڵن بەسەر سیستەمی فەرمی خۆیان پشتڕاست دەکەنەوە. تا ئەو کاتەی کە ئەرکەکانی سروشتێکی (ئەفسوناوی)ی هەبێت. ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە لەم بەرهەمە هونەریانەدا پیشاندانی ئافرەتەکان بە دووگیانی یان جەختکردنەوە لەسەر ئەندامی زاوزێی پەیکەرەکە، یان جوڵەی دەستەکانیان کە دەیگوازێتەوە لەکاتی دانانیان لەسەر سکیان یان لەسەر سینگیان. نیشانەیە بۆ بوونی پەیوەندییەکی گرنگ بە دیاردەی منداڵبوون و دووگیانی لە ئافرەتاندا (شێوەی٢- ٣).
بۆیە ئەم پەیکەرانە ڕۆڵێکی کارایان هەبووە لە ڕێوڕەسمەکاندا. بەم شێوەیە ئەم جۆرە فۆرمە ڕەمزییانە ناوەڕۆکی ڕۆحییان لە بیری سۆمەریدا بەدەستهێنا، ئەو پەیکەرە سیرامیکیانە تەنیا شێوەیەکی سروشتی نیە بەڵکو نوێنەرایەتیکردنی ڕۆحی و دەربڕینی بیری شارستانی تێیدا دەدۆزرێتەوە.(شێوەی٤-٥).

[١٦]-(کۆمەڵگەی نیولیتک بە دەستی ژن – دایک لە زهن و دڵ دا بەرجەستەکرا ، ع – ئ، ٢٠١٢، ل ٣ _٦).

کەواتە لێرەدا هونەر بەشێوەیەکی فەرمی ڕزگاربوو لەوەی کە شێوەی دەرەکی ئافرەت پیشان بدا، تەنانەت بە شێوەیەک داوای ڕزگاربوون لە سنووردارکردنی ڕواڵەت و ڕووکەشی فۆڕمی ئافرەت دەکات لە پێناوی بوونی ڕۆڵێکی ڕاستەقینە و جەوهەرییدا.[١٧]

[١٧]- (الفنون السومرية، د. زهير صاحب، ٢٠٠٥، صفحة٢٠٤-٢٠٩ ).



( شێوەی١ خوداوەندی دایک)




( شێوەی٢ )



( شێوەی٣ )



(شێوەی٤)



(شێوەی٥)

**_توێژگەی دووەم :**
**ڕۆڵی ئافرەت لە گرنگترین کاری سیرامیکی جیهانی**

بابەتی ئافرەت لە کارە هونەریە جیهانییەکان بەشێوەیەکی بەرچاو کاری لەسەرکراوە، هونەری سیرامیکسش بەشێک بووە لەو ژانرانەی کە بواری ئەوەی هەیە تاکو بابەتێکی لەوشێوەی تێدا پێشانبدرێ، هونەرمەندانی جیهانی بەپێی بارودۆخی کۆمەڵگەی خۆیان ڕۆڵی ئافرەتیان بە چەندین شێوە و فۆڕم خستۆتە ڕوو، هەروەها بۆ گەیاندنی بیرۆکەکانیان چەندین شێواز و کەرەستە و تەکنیکی جیاوازیان بەکارهێناوە.



(نمونەی١)

**(نمونەی١)**

ناوی کار:Balance

ناوی هونەرمەند :Nan Smith

ساڵی دروستکرد:٢٠٠٩

مەتریال: کارێکی سیرامیکی (میکس میدیا، مەتریالی جیاواز )

پێوانە: ٩٦×٩٦×٧٩ ئینج.

**شیکردنەوەی نمونە:**

"Balance" کاری هونەرمەند نان سمێثە، کە پێکهاتووە لە فیگەری ئافرەتێک لەگەڵ توخمەکانی ژیانی وەکو کاتژمێرێکی زەنگ و پەرداخێکی شەراب و سەتڵێک و کەلوپەلی سەر مێز، کە کۆنتێکست بۆ فیگەرەکە دروست دەکەن، هەروەها ئافرەتەکە لە ناوەڕاستەوە بەشێوەی ڕاوەستاو(بەستوو) بەدیار دەکەوێت. یەک دەنگی ژیانی ڕۆژانە بەو کۆمەڵە کەرەستانەی کە دەوری مێزەکەی دەدەن ڕەنگ دەداتەوە. هاوسەنگی مێینەی سەردەمی مۆدێرن وەکو جەنجاڵکەری جەوهەری دەخاتە ڕوو. لەم کارەدا ژنێکی گەنج نمایشی جیهانێک دەکات کە بارگاوی کراوە بە بەردەوامی و ئەرکەکانەوە، ڕۆتینەکە خۆی دووبارە دەکاتەوە. بەڵام دەبێت هەموو لایەنەکانی جیهانەکەی لە هاوسەنگیدا بهێڵێتەوە. تێکچوونی کارەکانی لە ڕێگەی قوڵە براوەکانییەوە ئاماژەی پێدەکرێت. ئەو کەسێکی شارەزایە لە هاوسەنگ ڕاگرتنی کارەکانی. دەستەکانی بە سەرقاڵییەوە گرنگی بە ژیانیماڵەوەی دەدەن لەوانەش هاوسەر و منداڵ و ژیانی ڕۆژانە. ژیانێکی تەواوی هەیە وەک ئافرەت و دایک و پیشەکەی. ڕۆڵە فرەییەکانی لەسەر ئەو قاپانە ڕەنگ

دەداتەوە کە خەریکی یاریکردنە کاتێک دەستەکانی بە شێوەیەکی شارەزایانە ئامانجەکانی بەدی دێنن. کاتەکە بەردەوامە و هیچ قاپێکیش ناکەوێت، ئەمەش ئاماژەیە بۆ مێینەیەک لەسەردەمی مۆدێرن، کە چۆن دەتوانێت هەموو ئەرکەکانی ڕۆژانە و پیشەکەی بەشێوەیەکی هاوسەنگ ڕابگرێت و بەردەوامی پێ بدات لەگەڵ بەردەوامبوونی کات .

**(نمونەی ٢)**



( نمونەی٢)

ناوی کار : Emrace

ناوی هونەرمەند: Ferri Farahamandi

ساڵی دروستکردن:٢٠١١

مەتریاڵ : Stoneware

پێوانە: ناوازە، بەرزی ١٥٣سم، پانی ٤٤سم، قووڵی ٤٢سم.

**شیکردنەوەی نمونە:**

"Embrace " یەکێکە لە کارەکانی هونەرمەند فیری فەرەهاماندی کە خەڵکی ئێرانە، هەر بۆیە بۆ باسکردن و شیکردنەوەی کارەکانی پێویستە بگەڕێینەوە بۆ بارودۆخی کولتووری و ژینگەیی هونەرمەند، هەروەها زیاتر سەرنجی لەسەر فۆڕمی ئافرەت بووە وەک بابەتی کارەکانی، دێڕی ناو فۆڕمەکانی باسکردنی بارودۆخی مێینەیە لە کولتوورەکەیدا.
لەو کارە هونەریەیدا لە ڕێگەی فۆڕمی مێینەیەوە خەریکی لێکۆڵینەوەیە کە کۆمەڵگە چۆن ژیان سنووردار دەکات. وەک لە کارەکەدا دەبینین کە فیگەری ئافرەتێکە ڕاوەستاوە و بەستراوەتەوە و سنوردار کراوە، هەروەها بێ ڕەنگ و بێ ڕازاوەیە کە ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە کۆمەڵگە چۆن ژیانمان سنووردار دەکات و سنوورەکانی ئازادیمان نیشان دەدات و نیشاندەرە بۆ ئەو بارودۆخە سیاسی و کولتووریەی کە لە وڵاتەیدا بوونی هەیە . هەرچەند هونەرمەند خۆی باس لەوە دەکات کە کارەکانی بابەتی سیاسی نین. بەڵام خودی کارەکان گفتوگۆی سیاسی دروست دەکەن و دەبنە جێگەی مشتومڕ و لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەی زیاتر.

**(نمونەی٣)**

ناوی کار : Cyanolica nana
ناوی هونەرمەند: Juliette Clovis
ساڵی دروستکردن: ٢٠١٦
مەتریاڵ: پۆرسەلین _ White glaze
پێوانە: ٢٤x٣٨x٣٣ سم



(نمونەی ٤)

**شیکرنەوەی نمونە** :

هونەرمەندی فەرەنسی جولیەت کلۆڤیس زۆربەی کات فیگەری مێینە وەک بوونەوەرێکی تێکەڵاو دەخاتە ڕوو، کە پەیوەست بێت بە پەیوەندی هاوژیانی لەگەڵ سروشت. توخمەکانی سروشت بە ڕووەک و باڵندەکانیشەوە لەسەر پێست گەشە دەکەن و بوونەوەرە کێوییەکان وردە وردە هێرش دەکەنە سەر جەستەی مرۆڤ لە پرۆسەیەکی ناڕوون و لە هەمان کاتدا سەرنجڕاکێش و نوێدا.

"Cyanolica nana " یەکێکە لە کارەکانی هونەرمەند، کە لە پۆرسەلین دروستکراوە. وا پێدەچێت لە بارێکی بێدەنگی دابێ بە چاوی داخراوەوە، وەک ئەوەی لە حاڵەتی مێدیتەیشن یان خەوندا بێت، هەروەها فۆڕمی باڵندەکان بەسەر ڕووخساریەوە نیشتوون بە هێمنی و بە بێ هیچ کاردانەوەی. کە ئەمەش پەیوەندی سروشت و مێینە نیشان دەدات. هەروەها کاردانەوەکانی مێینە بەرامبەر بە هێز و ئاڵۆزی و توخمەکانی سروشت .

**(نمونەی٤)**

ناوی کار : Bound

ناوی هونەرمەند : Sharon Griffin

ساڵی دروستکردن: ٢٠٢١

مەتریاڵ : تێکەڵکردنی سیرامیک و قوماش

پێوانە: بەرزی ٧٠سم x پانی ٤٥ x درێژی ٥٥سم.



( نمونەی٤)

**شیکردنەوەی نمونە:**

”Bound“ پێکهاتووە لە فۆڕمی ئافرەتێک کەخۆی بەرەو ناوەوە نووشتاندۆتەوە و بە قوماش و بەن بەستراوەتەوە، ئەمەش پەیوەندی بە هەستێکەوە هەیە کە لەناو جەستەدا شاراوەیەو دۆخێکی ناوەکی بوونە. هونەرمەند دەربارەی ئەو کارە دەڵێت ( پێم باشە خۆم بشارمەوە لەناو جیهانی ناوەوەمدا، نەوەک ڕووبەڕووی ئەو شتانە ببمەوە کە لە دەوروبەرمدا ڕوودەدەن). دوای ئەوەی ئەو کارە سیرامیکیە سوورکراوەتەوە، چەندین کاتژمێر تەرخانکراو لە بونیادنان و گرێدانی بە قوماش و بەنەکان، بۆ بەستنەوەی فۆڕمەکە و سنووردارکردنی.ئەم پارچە سیرامیکە زیاتر لە دوو ساڵ کاری لەسەر کراوە.

کارەکە وەک سەکۆیەک بۆ کردنەوەی گفتوگۆ لە دەوری سنووردارکردن و ئازادی بەکاردەهێنرێت. هەروەها ئەم کارە بۆ شیکردنەوە لەڕووی واتە و مەبەستەوە، فرەلایەنە و چەندین واتەی جیاواز لەخۆ دەگرێ بەپێی ڕوانین و ئەزموونی کەسەکان. بەهۆی ئەوەی ئەوکاتەی کە کارە هونەریەکە تێدا بەرهەم هاتووە، چەندین هەواڵ و بابەتی کۆمەڵایەتی جیهانی لەئارادا بوونە.

**تویژگەی سێیەم:**

**ڕۆڵی ئافرەت لە گرنگترین کاری سیرامیکی کوردی**

بابەت و پرسی ئافرەت لە کۆمەڵگەی کوردیدا بەردەوام بابەتێکی کراوە بووە، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی ئەم بابەتە ڕەنگدانەوەیەکی زۆری هەبێ لەسەر هونەر بەگشتی و هونەری شێوەکاری بەتایبەتی. لێرەو لەوێ دەبینین هونەرمەندانی کورد کاری زۆری هونەریان دەربارەی ئافرەت کردووە و ڕۆڵی ئافرەتیان بە چەندین شێوە پیشانداوە.



**(نمونەی ٥)**

ناوی کار: ئافرەت و کتێبی پیرۆزە

ناوی هونەرمەند: نزار محمود

ساڵی دروستکردن: ١٩٩٨

مەتریاڵ : قوڕی کائۆلین، شوشە ی قوڕقوشم لیثارج لە پلەی ٩٢٠.

پێوانە: ٣٠سم

**شیکردنەوەی نمونە :** ( نمونەی ٥)

ئەو کارە پێهاتووە لە فۆڕمی ئافرەت و کتێبێک کە بەشێوازێکی ئەبستراکت لە باری دانیشتندایە، کارەکە ستوونیە و بۆشایی زۆر لەناویدا بەدی دەکرێ، فۆڕمەکە بە گشتی تاڕادەیەک شێوەیەکی ئەندازەیی هەیە ئەوەی زیاتر چاو ڕادەکێشێت و سەرنجت دەکەوێتە سەر، بەشی سەرەوەی فۆڕمی ئافرەتەکەیە کە بەرەو لای کتێبەکە چەماوەتەوە. کارەکە کارێکی سێ ڕەهەندیە و ڕەنگێکی گەرم و ڕووناکیەکی زۆر لەکارەکەدا دەبیندرێت. ئەو هێمایەیی کە لە کارەکەدا دەردەکەوێت بریتییە لە کتێبێک کە کەوتۆتە بەشی پێشەوەی فۆڕمەکە، مەبەستی هونەرمەند لێرەدا ئافرەت و کتێبی پیرۆزە، کتێبی پیرۆز کۆی کتێبە ئاسمانیەکان دەگرێتەوە. کە تێیدا باسیان لە ئافرەت کردووە. لە ڕێگەی ئەو تەکنیک و ڕەنگ و داڕشتنەی کە هونەرمەند بەکاری هێناوە ناوەڕوک و بیرۆکەی بابەتەکە دەتوانرێ لەلایەن بینەرەوە بە ڕوونی درکی پێ بکرێت و پێی بگات.

**(نمونەی ٦)**

ناوی کار : دایکایەتی

ناوی هونەرمەند: مستەفا دزەیی

ساڵی دروستکردن: ٢٠١٢

پێوانە: ١١٠ سم

مەتریاڵ: کائۆلین و قوڕی سوور




(نمونەی ٦)

**شیکردنەوەی نمونە:**

ئەم کارە پێکهاتووە لە فۆڕمی تەجریدی بەشێک لە جەستەی ئافرەت، بەشێوەیەکی ستوونی، کە زیاتر گرنگی بە سینگ و سکی ئافرەتەکە دراوە و پێشاندراوە، هەروەها ئافرەتەکە لە حاڵەتی دووگیانیدایە. سینگی ئافرەتەکە بەشێوەیەکی واقیعی کاری لەسەر کراوە، بەڵام لە سکیدا زیاتر هێڵ دەبینین وەک ئاماژە بۆ بوونی منداڵێک بە هێڵی چەماوە کە هەست بە جوڵە دەکەین تێیدا. لەکارەکەدا بۆشایی زۆر کەم دەبینرێ. هەروەها کارێکی سێ ڕەهەندیە. ڕووناکی لە کارەکەدا زیاتر بەر سینگی دەکەوێ و ڕووناکی سێبەر زیاتر هێمایەکانی سەر سکی پێشان دەدات. هەروەها لەڕووی شێوەوە کارەکە شێوەی جۆراو جۆری بۆ بەکار هاتووە و لەسەرەوە بەرەو بچووکبوونەوە دەچێ. ئەوەی لەم فۆڕمە سیرامیکیە زیاتر چاومان دەکەوێتە سەری هێماکانی سەر سکی و شێوەی سروشتی سینگی ئافرەتەکەیە. کە لەو ڕێیەوە هونەرمەند ویستوویەتی جەخت لەسەر ڕۆڵی ئافرەت بکاتەوە لەڕێگەی زەقکردنەوەی ئەو ئەندامانە، وەکو هێمای ژیان و منداڵبوون و ڕۆڵی دایکایەتی، هونەرمەند لە ڕێگەی بەکارهێنانی تەکنیک و شێوەکەیەوە توانیوویەتی بە سەرکەوتوویی مەبەستەکەی بۆ بینەر بگوازێتەوە.

**(نمونەی ٧)**



(نمونەی ٨)

ناوی کار: نوێبوونەوە

ناوی هونەرمەند:سۆزە محمد ساڵح

ساڵی دروستکردن:٢٠١٦

مەتریاڵ:قوڕی عکاشات،کرۆک

پێوانە:٢٢سم×١٢سم

**شیکردنەوەی نمونە:**

ئەم کارە هونەریە پێکهاتووە لە شێوەیەکی هێلکەیی ئاسۆیی، کە لەسەر شێوەکەدا نەخشی ڕووەکی کێشراوە، هەروەها شێوەکە بەرەو سەرەوە چۆتەوە و بۆشاییەک لەشوێنی بەرزبوونەوەکە هەیە کە لەوێوە پارچەیەک بە وێنەی فیگەرێکی بچووک هاتۆتە دەرەوە، ئەو ڕەنگەی کە بۆ شێوەکە بەکارهاتووە ڕەنگێکی گەرمە و خاسیەتێکی وزەبەخشی هەیە بەتایبەت بەهۆی ئەو هێڵە چەماوە و جوڵاوانەی سەری، لێرەدا هونەرمەند ئامانجی پێشاندانی منداڵدانی ئافرەتە وەکو بەشێک لە سروشت و هەروەها لەشێوەی توخمێکی ڕووەکی کە دەتوانی بەرهەم و وەچە بخاتەوە و سەرچاوەی نوێ بوونەوە و وزە و بەردەوامی ژیانە، ئەوەی زیاتر بووەتە هۆی ڕوونی ئەو کارە هونەریە بۆ پێشاندانی ئامانج و مەبەستی هونەرمەند ئەو شێوە بچووکەیە کە لە بۆشایی سەرەوەی کارەکەدا بەرجەستە کراوە، بەئاسانی وادەکات بیرۆکەکەی کارەکە بە بینەر بگات و بینەر لەڕێگەی هەریەک لەو شێوە و هێڵ و ڕەنگەی کە بۆ کارەکە بەکارهاتووە بیرۆکەیەکی ڕوون لە مێشکیدا دروستبێت. ئەمەش ئاماژەیە بۆ سەرکەوتنی هونەرمەند لە گەیاندنی بیرۆکەی کارەکە.

(نمونەی ٨)



(نمونەی٧)

ناوی کار: کچەکانی داعش

ناوی هونەرمەند: ورود عصام

ساڵی دروستکردن: ٢٠١٦

مەتریاڵ:قوڕی سور و شوشەی گیراوە

پێوانە: ٣٠سم ×٣٨سم ×٤٠سم

**شیکردنەوەی نمونە:**

ئەو کارە هونەریە پێکهاتووە لە سێ فۆڕمی ئافرەت بە پێوانەی جیاواز، کە جلوبەرگێکی داخرا و درێژیان لەبەردایە و تۆزێک بەرەو پێشەوا چەماونەتەوە، زنجیرێک هەر سێ فۆڕمەکەی بەیەکەوە پەیوەست کردووە. ئەناتۆمی لە فۆڕمەکان تاڕادەیەک ئەبستراکتە، ڕەنگی جلەکانیان ڕەنگێکی تۆخ و تاریکە و ڕووناکی بەرێژەیەکی کەم لە کارەکەدا ڕۆڵی هەیە. هەروەها لە چۆنیەتی وەستانی فۆڕمەکان و چرچولۆچی پۆشاکەکانیان جوڵە بەدی دەکرێ و بوونی جیاوازی لەنێوان فۆڕمەکان لەڕووی ڕێژە و قەبارەوە هێمایەکی هونەری تەواوی بەکارەکە بەخشیوە. لەکارەکەدا فۆڕمی ناوەڕاست زیاتر چاو بۆخۆی ڕادەکێشێت بەهۆی جوڵە و وردەکاری و ڕووناکی زیاتر تێیدا. لێرەدا کارەکە باس لە کۆتوبەندکردن و بردن و فرۆشتنی کچان دەکات لەلایەن چەکدارانی "داعش" ئەو بابەتەش لە ڕێگەی پەیوەستبوونی فۆڕمی کچەکان بەزنجیر و شێوازی وەستان و ڕەنگی تۆخی جلەکان درێژی و داپۆشراویان، بەڕوونی بە بینەر دەگات و بەدیاردەکەوێت.کەواتە هونەرمەند چەندین هێمای دیاری لەو بابەتەدا بەکارهێناوە، کە بووەتە هۆی سەرکەوتنی کارەکە لە ڕووی ناوەڕۆک و قوڵی بیرۆکەکە و پێشاندانی لە کارێکی هونەرییدا.

ئاماژەکانی چوارچێوەی تیۆری:

١ -ڕۆڵی ئافرەت لە هەزارەکانی پێش زایین لە پەیکەر و فوخار و کارە هونەرییەکان لەشێوەی خوداوەند بەرجەستەکراوە .

٢-زۆرترین کاری هونەری لە کولتوورە کۆنەکان پەیکەری ئافرەتن، کە بە مەبەستی نیشاندانی هێز و شکۆداری ئافرەت دروست کراون .

٣ -زۆرێک لە کارە هونەریەکان ئاماژەن بۆ سیستمێکی تۆکمەی باڵابوونی ئافرەت .

٤ -شکستهێنان بە خوداوەندایەتی ئافرەت "لەسەر بنەمایەکی ئەخلاقی و جەوهەری" و زاڵبوونی سیستەمێکی پێچەوانە، کاریگەری و گۆڕانکاری بەسەر مێژووی هونەردا هێنا لەڕووی فۆڕم و شێوەوە.

٥ -دوای گۆڕانی بیری کۆمەڵایەتی دەربارەی ئافرەت فۆڕمە هونەرییەکان زیاتر ڕۆڵی ئافرەت وەک بێ دەسەڵات و لاواز پیشان دەدەن. لەکاتێکدا لە ڕابردوو دەربارەی خواوەندایەتی و ماهیەتی باڵای ئافرەت بوون.

٦- لەکاتێکدا دەتوانین ڕۆڵی ئافرەت لە کارە هونەریە نوێیەکان ببین، لە ڕێگەی خستەڕووی وزە و هێزێکی زۆر بۆ ڕاپەڕاندی زۆرترین ئەرک، بەڵام ناتوانین جەوهەری کولتووری خوداوەندیەتی دووبارە لە کارەکاندا بدۆزینەوە.

## بەشی سێیەم

## هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی پرۆژەی دەرچوون

**بیرۆکەی پرۆژە:** هەر پرۆژەیەکی هونەری بەر لە دەستپێکردنی پێویستی بە بیرۆکە هەیە بۆ ئەوەی بتوانی بەشێوەیەکی دروست کاری تێدا بکەیت و ئەنجامێکی باش بەدەست بهێنیت. بیرۆکەی ئەم پرۆژەیە سەرەتا لە ووتارێکی توێژەر سەبارەت بە ئافرەتان دروست بوو بەنێوی "ویستی بەخواوەندبوونی ژن، بەکووشتنی هەموو ژنانی جیهان لەنێو ناچی"هەر بۆیە توێژەر بریاری دا ئەم وتارە بکات بەسەرچاوەی پرۆژەی دەرچوونی، خواستی گەڕان بەدوای زانیاری زۆرتر دەربارەی ئەو بابەتە بەتایبەت لە لایەنە هونەریەکەیەوە زیاتر لەلایەوە گەشەی کرد، هەروەها بەراوردکاریەکی وردی لە نێوان ڕۆڵی ئافرەت لە کۆمەڵگە کۆنەکان و لە سەردەمی مۆدێرندا ئەنجامدا. دوای چەندین لێگەڕین و بەدواداچوون و گەڕانەوە بۆ مێژووی شارستانیەتە کۆنەکان کە تێیدا بیرۆکەی خوداوەندیەتی ئافرەت ڕەگێکی پتەوی داکووتاوە. توێژەر توانی بەچەندین سەرچاوە و بیرۆکەی نویٚ بگات و بیکات بە ناوەڕۆکی پرۆژەی دەرچوونی لە ڕێگەی سێ فۆرم کە گوزارشت لە پێگەی ئافرەت لەنێوان ئەم دوو سەردەمە دەکات توانی لە کارێکی هونەری سیرامیکیدا بیخاتە ڕوو.

### دانانی سکێچی سەرەتا وەک ئامادەکاریەک بۆ بەئەنجام گەیاندنی پرۆژەکە.



(١)

بیرۆکەی پرۆژەکە بە سکێچ(شێوەی١)

دوایی چەند گۆڕانکاریەک لە سکێچی پرۆژەکە. دواجار توێژەر گەیشت بە سکێچێکی گونجاو و دروست بۆ دەست پێکردنی کارەکەی.

بیرۆکەی پڕۆژەکە بە هێڵکاری و ڕەنگ (شێوەی٢-٣)




(٣)



(٢)


هەندێک لە هێڵکاریتر بۆ گوزارشتکردنێکی ڕوون و تەواو (شێوەی٤-٥-٦-٧).



(٧)



(٦)



(٥)



(٤)

**هەنگاوەکانی ئەنجامدانی پرۆژە بەشێوەیەکی پراکتیکی:**


**هەنگاوی یەکەم:** ئەو قوڕەی کە بەکارهێنراوە بریتیە لە قووڕی (کائۆلین) یان قوڕی سپی، دوایی ئامادەکردنی قوڕەکە بەشێوەیەکی دروست، ڕێگەی حەبل بەکارهاتووە وەک یەکێک لە ڕێگەکانی دروستکردنی کاری سیرامیکی بۆ شێوەدان بە فۆڕمەکان. (شێوەی ٨-٩-١٠)



(٨)


(٩)


(١٠)

**هەنگاوی دووەم:** دوایی تەواوکردنی هەرسێ فۆڕمەکە، لێرەدا فۆڕمەکان لە قۆناغی ووشکبوونەوەدان شێوەی(١١-١٢-١٣-١٤).


(١١)


(١٢)


(١٣)



(١٤)

**هەنگاوی سێیەم:** دوایی قۆناغی ووشکبوونەوە، قۆناغی سوورکردنەوەی کارەکە دەست پێدەکات، هەروەک دیارە کە فۆڕمەکان خراونەتە ناو فڕن و ئەو قووڕەی کە بەکارهاتووە لە پلەی گەرمی ١٠٠٠° پێدەگات و بەو پلە گەرمیە سوورکراوەتەوە.(١٥)



(١٥)

**هەنگاوی چوارەم:** لەدوایی سوورکردنەوەی کارەکان دەرهێنانیان لە فڕن، قۆناغی شووشەکردنی کارەکان دەست پێدەکات. ئەو جۆرە شووشە و ئۆکسیدەی کە بۆ شووشەکردن بەکارهێنراون بریتین لە: ئۆکسیدی ئاسن (حدید).هەروەها شووشەی رصاص (شفاف) و الکلاین. بۆ شووشە ڕوونەکە یان شفافەکە بە ڕێژەی:١٠٠غم رصاص+٤٠٠غم الکلاین تێکەڵکراوە. هەروەها بۆ شووشەکردن بە تێکەڵکردنی لەگەڵ ئۆکسیدی حدید ڕێژەی: ١غم حدید +١٧غم الکلاین+٧غم رصاص بەکارهێنراوە، کە وەک ڕەنگێک بۆ برینی سەر جەستەی هەریەک لە دوو فۆڕمە پێچراوەکە بەکارهاتووە. شێوەی (١٦-١٧)



(١٧)



(١٦)

**هەنگاوی پێنجەم**: دوایی لێدانی شوشەکە لەسەر ڕووی کارەکە. قۆتاغی کۆتایی پڕۆژەکە دێت کە دووبارە سوورکردنەوەیە بە مەبەستی شووشەکردن کە لە پلەی گەرمی ١٠٠٠° شووشەکە پێگەیشتووە. شێوەی(١٨)



(١٨)

**خستنەڕووی ئەنجامی کۆتایی پڕۆژە (شێوەی١٩-٢٠).**



(١٩)



(٢٠)

هەروەک دەردەکەوێت پرۆژەکە لەسێ فۆرم پێکاتووە، فۆڕمی یەکەم بە پێوانەی ( ٥٧سم)نوێنەرایەتی خوداوەندی ئافرەت دەکات لەڕێگەی جوڵەی دەستەکانی و هەروەها شێوەکەی کە زیاتر بۆ فۆڕم و فیگەرە کۆنەکان دەگەڕێتەوە. لەڕێگەی ئەو درز و تەکنیکەی سەری کە بەرجەستە کراوە.جوڵەی دەستی ئەم فۆڕمە گوزارشت لە سیانەی پیرۆز (کچ، دایک، داپیرە) مانگی پڕ و دوو نیوە مانگ (هلال) دەکات. کە هەریەکەیان هێمای سێ قۆناغی جیاوازن لە سووڕی ژیانی مێینەدا. کە فەرمانڕەوایی لە کایەکانی ئاسمان و زەوی دەکەن. زۆرێک لە فۆڕمە کۆنەکان بەوشێوە و مەبەستە بەرجەستەکراون. هەروەها ئەم فۆڕمە بۆ ئەوەی وەکو فۆڕمێک کۆن دەربکەوێت، هەوڵدراوە درز لە شووشەکەی سەر ڕووی کارەکە دروست بێت، تاکو بەتەواوی بگات بە ئەنجام و مەبەستی دیاریکراو.(شێوەی٢١)



(٢١)

هەریەک لە دوو فۆڕمەکەیتربە پێوانەی (٤٣سم_٣٨سم) نوێنەرایەتی ئافرەتانی دوایی قۆناغی شکستهێنان بە سەردەمی خوداوەندایەتی ئافرەت دەکەن. کە لە شێوەی جەستەیەکی سووتاو وەکو یەکێک لەو توونودتیژیانەی کە ڕووبەڕووی مێینە دەبێتەوە بەرجەستەکراوە. کە فۆڕمەکان بەجەستەیەکی سووتا و پێچراوەوە دەردەکەون. پەڵەی سووتاوی تێکەڵ بە برین و خوێن بەڕوونی لەسەری دەرکەوتووە. و فۆڕمەکان بە لەفاف یان باندج پێچراوەتەوە.
کۆی گشتی کارەکە بەراوردکاری و پێشاندانی ڕوانگەی دوو کۆمەڵگە و سەردەمی جیاوازە دەربارەی ڕۆڵ و پێگەی ئافرەتان.

## بەشی چوارەم

**_ئەنجامەکان:**

١-توێژەر سێ فۆڕمی هونەری مێینەی بەکارهێناوە بۆ بەرجەستەکردنی بیرۆکەکانی خۆی.

٢-توێژەر هەوڵیداوە بەراودکاری نێوان دوو بیرۆکە بکات و لە قۆناغە جیاوازەکان سەبارەت بە ڕۆڵی ئافرەت بیخاتەڕوو.

.

٣- لە فۆڕمەکاندا بە ڕوونی بیرۆکەکان بەدەرکەووتوون و بەئاسانی دەتواندرێ بە دوو شێواز و بیرۆکەی جیاواز بگەیت.

٤-توێژەر دووبارە ڕۆڵی ئافرەتی لە سەر شێوەی خوداوەندیەتی پێشانداوە لەکارێکی هونەری سیرامیکدا.

٥-هەروەها توێژەر ڕۆڵی ئافرەتانی لە ئێستادا لەبەردەم کۆی توونددووتیژیەکان، لە دوو فۆڕم خستۆتە ڕوو.

٦- هەڵگەڕانەوای بیرۆکەکان سەبارەت بە ئافرەتان، کاریگەریەکی زۆری هەبووە لەسەر گۆڕینی فۆڕم و شێوە لە هونەری سیرامیکدا.

٧- ئەو جوڵەیەی کە لە فۆڕمی یەکەمی کارەکەدا هەیە گوزارشتێکی ڕوون و ئاشکرا بە بینەر دەگەیەنێت.

٨- تاڕادەیەکی باش توێژەر جگە لە فۆڕمەکان گرینگی بە ڕووکاری فۆڕمەکان داوە لەڕووی ڕەنگ و تێکسچەرەوە.

٩-خاڵێکی گرنگ لێرەدا ئەوەیە کە توێژەر بەشێوەیەکی ئەکادیمی فیگەری هێناوەتە ناو کاری هونەری سیرامیک.

١٠-هەروەها لێرەدا دەرکەووتووە کە سیرامیک بوارێکی زۆر فراونترە لەوەی کە تەنها لە ڕووی گوزەگەریەوە لێی بڕواندرێت.

١١-توێژەر هەوڵیداوە بیرۆکەی نوێ و جیاواز لە بیرۆکەکانی ڕابردوو بهێنێتە ناو هونەری سیرامیکی کوردی.

**ڕاسپاردە:**

١-گرنگیدانی زیاتر بە هونەری سیرامیک، وەکو یەکێک لە بەشە هەرە گرنگەکانی شێوەکاری.

٢-هەوڵدان بۆ کردنەوەی گەلەریەک تایبەت بە کارو پڕۆژەکانی هونەری سیرامیکی قوتابیان و هونەرمەندان.

٣- لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی زیاتر بکرێت لەبارەی هونەری سیرامیک لە قۆناغە جیاوازەکانی مێژوو. ئەمەش لەپێناو زیادبوونی سەرچاوە و کتێب بە زمانی کوردی لەسەر ئەم هونەرە.

**پێشنیار:**

شێوەی ئافرەت لە هونەری سیرامیکی هاوچەرخ

## سەرچاوە

### کتێبەکان

١. (مانای هونەر، هێربرت ڕید، وەرگێرانی سەربەست خەسرەو عارف، ٢٠٠٧، ل ٧)
٢. (هونەر چیە؟ لیۆن تۆڵستۆی وەرگێرانی لە فارسیەوە بۆ کوردی هەژار ڕەحیمی، ٢٠٠٩، ل٥)
٣. (نهێنی عەشتار،خواوەندێیەتیی مێینەو ڕەچەڵەکی ئایین و ئەفسانە،فیراس حەواس . و:ئیبراهیم فەتاح ،٢٠١٠،ل٤٧-٤٩)
٤. (کوردستان سەرزەمینی مێژوو و ئەفسانە ، ل١١١)
٥. (مێژووی شارستانیەت، ویڵ دیورانت ، و: ئازاد بەرزنجی، ٢٠٠٧،ل٨٦ – ٨٧)
٦. (کۆمەڵگەی نیولیتک بە دەستی ژن – دایک لە زهن و دڵ دا بەرجەستەکرا ، ع – ئ، ٢٠١٢، ل ٣-٦)
٧. .( الفنون السومرية، د. زهير صاحب، ٢٠٠٥، صفحة٢٠٤-٢٠٩)

### فەرهەنگەکان

٨. (فەرهەنگی چەمک و زاراوەکانی زانستە کۆمەڵایەتیەکان،د. ئەحمەد زەکی بەدەوی، وەرگێرانی محەمەد فاتیح، ٢٠٢٠، ل ٦٧٤)
٩. ( فەرهەنگی زاراوە هونەرییەکان، جەمال عەبدول، ٢٠٠٩، ل ٣)
١٠. (فەرهەنگی چەمک و زاراوەکانی زانستە کۆمەڵایەتیەکان،د. ئەحمەد زەکی بەدەوی، وەرگێرانی محەمەد فاتیح، ٢٠٢٠، ل ٥٧)

### ووتارەکان

١١. (پێگەو ڕۆڵی ژنان لە کۆمەڵگای کوردەواریدا، ئاسۆ ساعێدی ،٢٠٢٠)
١٢. (هونەر وەک ڕاستیی بوون لای هایدگەر، ئازاد شکور، وتار،٢٠٢٢ ،ژنەفتن)
١٣. .(ڕۆڵ و کەسێتی، کۆمەڵناسی ،ئینسکلۆپیدیایی ئازاد)

### توێژینەوە

١٤. (شێروان عوسمان رەسول، ٢٠١١، رۆلی راگەیاندن لە بونیاتنای کۆمەڵگەی مەدەنی دا، نامەیەکە پێشکەش ئەنجومەنی کۆلیژی ئەدەبیاتی زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر کراوە، وەك بەشێك لە پێداویستیەکانی پلەی ماستەر لە کۆمەڵناسی)

### لینکەکان

١٥. https://www.open.edu/openlearn/history-the-arts/art-and-visual-culture-medieval-modern/content-section-١,١,١

١٦. https://www.definitions.net/definition/Ceramic+art
١٧. https://en.wikipedia.org/wiki/Ceramic
١٨. /٢٠٠٩https://cfileonline.org/art-nan-smith-balance-
١٩. /chun-liao-ceramic-١٠٤٤١٦٨٠٣٧٦٥https://www.tumblr.com/playsinmud/ artist
٢٠. ٣%https://www.thefreelibrary.com/Ferri+Farahmandi ٠٣٤٥٦١٩١٧٤A+forms+and+evidence.-a
٢١. /https://thereart.ro/juliette-clovis
٢٢. https://www.artsy.net/artwork/sharon-griffin-bound
٢٣. https://quotes.thefamousepeople.com
٢٤. https://www.brooklynmuseum.org/exhibitions/fertile_goddess
٢٥. https://news.artnet.com/art-world/forty-iraqi-artifacts-iraqi-pavilion-venice- /amp-page٨٦٧٣٠٨
٢٦. https://isaw.nyu.edu/exhibitions/ishtar-gate/objects/female-figurine
٢٧. https://store.barakatgallery.com/product/old-babylonian-clay-moulded- /plaque-of-a-standing-deity